# ڕێنمایی تایبەت بە ڕاوکردن و پاراستنی ئاژەڵی کێوی و باڵندەکان

بەپێ ی حوکمەکانی مادەی ١٠ لە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردن ژینگە ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠١٠ و برگەکانی ١و٢و٣و٥ لە مادەی ٣١ومادەی٣٣ و مادەی ٤٥ لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستانی عیراق ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠٠٨ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد:

ڕێنمایی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٥

ڕێنمایی تایبەت بە ڕاوکردن و پاراستنی ئاژەڵی کێوی و باڵندەکان

بەشی یەکەم

ئامانجەکان و پێناسەکان

مادەی ١

ئامانجەکان:

ئامانجی ئەم ڕێنماییانە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

1-پاراستنی سروشت و پارێزگاری کردن لە ڕەگەزی ئاژەڵەکان و شوێنی حەوانەوەیان.

2-چۆنیەتی ڕێگەدان بە ئەندامانی کۆمەڵەی ڕاوچیانی کوردستان بە ئەنجامدانی ڕاوکردن بە پێ ی ئەم مەرجانەی لەم ڕێنماییانەدا هاتووە.

مادەی ٢

پێناسەکان:

مەبەست و واتای ئەم زاراوانەی خوارەوە لە بەرامبەریان دیاری کراوە:

1-ئاژەڵی کێوی : ئەو گیانلەبەرانەن کە لەسەر وشکایی دەژین وەکو شیردەرەکان و باڵندە کێویەکان کە ماڵی نەکراون یا دڕندەن و ووشکاویەکان کە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە پارێزگاری کردن لە هاوسەنگی ژینگەیی و پێداویستەکانی ژیانی مرۆڤ دابین دەکەن.

2-ڕاوکردن :کردارێکە کە تێیدا مەبەست لێ ی دەستکەوتنی باڵندە و ئاژەڵە کێویەکانە ، وە ئامانج لەم ڕێنماییە ڕێکخستن و چاککردنی چڕی ئاژەڵە کێویەکان و باڵندەکانە ، وەکارکردنە بۆ بەردەوام بوونی ئەو سامانە بۆ بەکارهێنانی مادی و مەعنەوی و شارستانی و گەشتیاری و زیندەگی لەسەر بنەمای زانستی.

3-ڕاوچی:ئەو کەسەیە بەیاسا ڕێ پێدراوە بۆ بەشداربوون لە چاودێری کردنی سامانی ئاژەڵی کێوی و جێ بەجێ کردنی پلانی ڕاوکردن لەسەر بنەمای زانستی ژیرانە.

4-کۆمەڵەی ڕاوچیان : کۆمەڵەیەکە لە لایەن کەسانی تایبەت و ئارەزوومەندانی ڕاو دامەزراوە بە پێ ی پەیرەوی ناوخۆ چالاکیەکانیان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدەن.

5-پارێزراوی سروشتی :ئەو ناوچەیەیە کە هەموو چالاکیەکی مرۆیی تێدا قەدەغە دەکرێت بۆ پارێزگاری لە جۆرە جیاوازەکانی ئاژەڵ و باڵندە و رووەکەکان بە تایبەت ئەوانەی هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە.

بەشی دووەم

مەرجەکانی ڕاوکردن

مادەی ٣

1-بە دەسهێنانی مۆڵەتی یاسایی لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

2-بەکارنەهێنانی تفەنگ و تەقێنەرەوەکان بە هەموو جۆرەکانیان.

3-بەکارنەهێنانی قڕکەرەکان و ژەهرەکان.

4-بەکارنەهێنانی تەزووی کارەبا.

5-بەکارنەهێنانی ئۆتومبیل و رووناکی دەستی یان رووناکی بەهێز (بلاجیکتور).

6-ڕاو نەکردن لە ناو پارێزراوە سروشتیەکان.

7-بەکارهێنانی تفەنگی تایبەت بە ڕاوکردن و ئەو ئاژەڵانەی ڕاوکردنیان ڕێپێدراوە.

8-ڕاونەکردن لە وەرزەکانی زاوزێ.

9-بۆ ڕاوکردنی ئەو باڵندانەی کە لە مادەی ٨ ی ئەم ڕێنماییانە هاتووە تەنیا داو بەکار دەهێنرێت.

10-بۆڕاوکردنی کەروێشك کە لە مادەی ٨ ی ئەم ڕێنماییانە هاتووە تەنیا تانجی( تاژی) بەکاردەهێنرێت.

11-راونەكردن لە كاتی شەو واتە (لە پێش خۆرئاوابوون تا خۆرهەڵاتن قەدەغەیە).
12-راونەكردن لەسەر كانیاوەكان و چەم و رووبارەكان.

مادەی ٤
پاشكۆی ژمارە ١ لیستی ئاژەڵە كێویەكانە كە راوكردنیان قەدەغەیە و بڕی سزاكانیان لە كاتی راوكردنیان بەرامبەریان دیاریكراوە
پاشكۆی ژمارە ٢ لیستی باڵندەكێویەكانە كە راوكردنیان قەدەغەیە و بڕی سزاكانیان لە كاتی راوكردنیان بەرامبەریان دیاریكراوە
بەشی سێیەم
سەرپێچی یەكان و سزاكان
مادەی ٥
1-راوكردنی هەر جۆرێك لەو ئاژەڵ و باڵندانەی لە پاشكۆكانی ١و٢ دا هاتووە پێچەوانەی ئەم رێنماییانەیە وە بڕی ئەو سزایانەیان بەسەردا دەسەپێنرێت كە لە بەرامبەریان دیاری كراوە ، جگە لەو جۆرانەی كە لە مادەی ٨ ی ئەم رێنماییانەدا هاتووە.
2-لە كاتی راوكردنی ئاژەڵی كێوی ئاوس و ئەو باڵندانەی لە حالەتی هێلكە كردن دان ، سزاكان دووبەرامبەر دەبن.
3-تێكدانی هێلانەی باڵندەكان(بەتاڵ بێت یان هێلكە و بەچكەی تێدابێت) قەدەغەیە ، ئەگەر روویدا نرخی باڵندەكە دەسەپێنرێت بەسەر ئەنجامدەرەكەی.
4-شكاندنی یا بەدەستهێنانی هێلكەی باڵندە وخشۆكەكان لە ناو هێلانەكانیان یان لەدەرەوەی دا قەدەغەیە ، لە كاتی روودانی دا بڕی سزاكە نرخی باڵندەكە یان خشۆكەكە دەبێت.
5-دووركەوتنەوە لە راوی بێ سنوور(هەڕەمەكی)بۆ پارێزگاری كردن لە سەر ژینگە و ژیانی كێوی.
6-راوكردنی پڵنگ و مامز و ئاسك و وورچ و كەمتیار و جۆرەكانی تری ئاژەڵە دەگمەنەكان قەدەغەیە بۆ پاراستنی سامانی ئاژەڵی.
7-ئەوئاژەڵ و باڵندانەی كە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ سروشت بە هەر هۆیەك بێت دوای ئازاد كردنیان لە لایەن راوچیەكانەوە یان گواستنەوەیان بۆ دەرەوەی هەرێم ، هەمان ئەو سزایانە بەسەر سەرپێچیكارەكان دا دەسەپێنرێت كە لە بەرامبەریان دیاری كراوە لە پاشكۆی ژمارە١و٢.
8-لە كاتی دووبارەبونەوەی سەرپێچییەكان لەلایەن سەرپێچی كارانی ئەم رێنماییانە،بڕی سزادانەكە كەلەبڕگەی ١ی ئەم ماددەیەدا هاتووە دوو بەرامبەر دەبێت
9-هەركەسێك لە فەرمانبەرانی ژینگە یان پێشمەرگەكانی پاراستنی ژینگە یان پۆلیسی دارستان و ژینگە راوبكات سزاكەی دوو بەرامبەر دەبێت یان لە پیشەكەی دووردەخرێتەوە

مادەی ٦
مەرجەكانی پێدانی مۆڵەتی راوكردن
1-ئەو كەسەی داوای مۆڵەت دەكات پێویستە ئەم پێدویستانە بهێنێت
أ-ناسنامەی باری شارستانی.
ب-رەگەزنامەی عیراقی.
ج- كارتی زانیاری.
د- پێویستە دانیشتووی هەرێمی كوردستان بێت.
2-داواكاریەكە پێشكەش بە فەرمانگەی ژینگەی پارێزگاكان و ئیدارەكان دەكرێت.
3-پشتگیری وەزارەتی كشتوكاڵ وسەرچاوەكانی ئاو.
4-پشتگیری كۆمەڵەی ڕاوچیانی كوردستان.
5-بەڵێننامەی لەبەشی یاسایی دەستەی پاراستن وچاككردنی ژینگە بدات بۆ پابەندبوون بە رێنماییەكانی ژینگەیی.
6-رەسمی پێدانی مۆڵەتی ڕاو١٥٠,٠٠٠ سەد و پەنجا هەزار دینارە.

ماددەی ٧
1-مۆڵەتەكە تەنیا بۆ یەك وەرزی ڕاوكردنە.
2-مۆڵەتەكە تەنیا بۆ یەك جۆر لە ئاژەڵی كێوی یان باڵندەیە.
3-مۆڵەتەكە لەلایەن سەرۆكی دەستە دەدرێت.
– 4مۆڵەتەكە ساڵانە نوێ دەكرێتەوە.
5-رەسمی نوێ كردنەوەی مۆڵەتەكە٧٥,٠٠٠ حەفتاو پێنج هەزار دینارە
6-دەسەڵاتی ژینگەیی بۆی هەیە مۆڵەت نەدات یان نوێ ی نەكاتەوە بەپێی بارودۆخی ژینگەیی باڵندەكان یان ئاژەڵە كێویەكان.

ماددەی ٨
-1راوی کەوو سوێسکە
أ-لە ٦/١ تا٧/١ لە هەموو ساڵێك.
ب-لە١٢/١ تا٢/١ لە هەموو ساڵێك.
-2راوی کەروێشك ١٠/١ تا ٢/١ لە هەموو ساڵێك.
ماددەی ٩
هەر کەسێك پێچەوانەی ئەم رێنماییانە بێت رێکاری یاسایی بەرامبەری دەگیرێتەبەر.
ماددەی ١٠
ئەگەر ئاژەڵی کێوی وەکو گورگ و رێوی و بەراز یان هەرگیانلەبەرێکی تر ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە سامانی ئاژەڵی یان باخچە و شینابییەکان پێویستە فەرمانگەی ژینگەی پارێزگاکان وئیدارەکانی لێ ئاگادار بکرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و چۆنیەتی قەدەغە کردنی یان خۆ رزگارکردن لەوئاژەڵانە بە هەماهەنگی لەگەڵا وەزارەتی کشتوکاڵا و سەرچاوەکانی ئاو و وەزارەتی ناوخۆ ئەنجام بدرێت.
ماددەی ١١
دەست بەسەر هەموو هۆیەکان و مادەکانی بەکارهاتوو لە ڕاوکردنی رێپێنەدراو دەگرێت بۆ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.
ماددەی ١٢
مۆڵەت بە راوکردنی سنووردار بۆ مەبەستی لێکۆلینەوەی زانستی بۆ لایەنی پەیوەندیدار یان دەستەی ژینگە و فەرمانگەکانی دەدرێت.
ماددەی ١٣
بۆ رەچاوکردنی سروتە ئایینیەکان رێگا بە مەسیحیەکان دەدرێت بە راوکردنی ژمارەیەکی سنوودار لە بەراز ساڵانە بە تایبەتی ئەوانەی زیان بە کێلگە کشتوکاڵیەکان دەگەیەنن.

ماددەی ١٤
ئەو برە سزایانەی لە رەسم و غەرامەکان وەردەگیرێن لە ژمێرەی صندوقی ژینگە دادەنرێت لەرێگای فەرمانگەی ژینگەی پارێزگاکان و ئیدارەکان یان دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ی هەرێم.
ماددەی ١٥
پێویستە لەسەر هەریەك لە(فەرماندەیی پێشمەرگەی پاراستنی ژینگە)و (بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان وژینگە)رێکارە کانی بەرزەفت کردن لەگەڵ سەرپێچیکارانی ئەم رینماییانە ئەنجام بدات.
مادەی ١٦
جگە لەو سزایانەی لەم رێنماییانەدا باس کراون ، رێکاری یاسایی تر بەپێ ی برگەی یەکەم لە مادەی ٤٢ لە یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٠٨ بەرامبەر سەرپێچی کار دەگیرێتە بەر.
ماددەی ١٧
کار بەم رێنماییانە دەکرێت لەرۆژی دەرچوونیەوە.
ماددەی ١٨
ئەم رێنماییە لە رۆژنامەی فەرمی( وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.